سەرۆک کۆمار: گۆڕانی کێش و هێوا هێرشە لە جیهان و مرۆڤایەتی بەگشتی دەکات

ئەمە چوارشەممە، عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆمار جەختی لەوە کردەوە کە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کێشوهێوا پێویستی بە سەرلەنوێ بەچاوخشاندن بە میکانیزمەکانی چالاکییە سەرکییەکانمان هەیە. سەرۆك کۆمار لە وتارەکدا لە میانی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی عێراق بە گۆڕانی کێشوهێوا لە زانکۆی بەغدا ڕایگەیاند:" لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، عێراق ڕووبەڕووی، تەحەدای گەورە بووەتەوە، و زەرەرمەند بووە لە نادادپەروەری دەسەڵاتە تەتالیتارییەکانەوە کە نوقمی شەڕە ناوچەییەکان و گەمارۆیەکی نەودەوەتی و داگیرکاریی کرد، لە کۆتاییدا سەرهەڵدانی ڕەکخراوی تیرۆریستی داعش کە بە خوێنی شەهیدەکانمان و قوربانیدانی گەلەکەمان و یەکگرتوویی هەموولایەك توانیان سەرکەوتنیان بەسەردا تەمار بکەین". لە میانی وتارەکیدا، سەرۆك کۆمار جەختی لەوە کردەوە کە "گۆڕانکاری کێشوهێوا تەحەددایەك لەخۆ دەگرێت کە هێرشە لە جیهان و مرۆڤایەتی بە گشتی دەکات"، ئاماژەی بەوەشکرد کە "عێراق بە تایبەتی کاریگەری ئەم دیاردەیەی لەسەر لە ڕەگەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، کەمی بارانبارین، بیابانبوون، وشکەساڵی، خۆڵبارین لەسەر". جەختی لەوە کردەوە "پێویستی بەاوکردنەوەی کولتوری گرنگیدان بە ژینگەیی بە کەمکردنەوەی ئەم کاریگەرییە نەرێنیانە"، ئاماژەی بەوەشکرد کە "گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کێشوهێوا پێویستی بە دووبارە سەیرکردنەوەی میکانیزمەکانی چالاکییە

بنەتییەکانمان هەیە". هوونیشیکردەوە، "عەراق وەك وەاتەکی بەرهەمهێنەری نەوت کاردەکات بە کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخش، هەروەها دەستدەکات بە مەدەرنکردنی میکانیزمە کشتوکاڵییەکان و بەکارهێنانی تەکنەلەجیای سیستەمی ئاودێری سەردەم، کە [illegible]کی گرنگی دەبێت لە گەیشتن بە ئاسایشی خۆراك".